حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٥٢) لە ٢٠٢٤/٥/٨

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و دوابەدوای بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٠) لە ٢٠٢٢/٩/٧ و ژمارە (١٧٨) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٠) لە ٢٠٢٤/٥/٨، و لە پێناوی گەڵاڵەکردنی بڕیارێکی دروست لە بارەی بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە ڕووی یاسایی و کارگێڕیی و داراییەوە تا ئەم فەرمانبەرانەش هاوشێوەی فەرمانبەرانی هەمیشەیی مافەکانیان پارێزراو بێت، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەک لەم بەڕێزانەی خوارەوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی مەرج و ڕێکار و میکانیزمی گونجاو بۆ بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست کە بە ڕێکارە یاساییەکان دەتوانن ببنە هەمیشەیی:

١. وەزیری دارایی و ئابووری.
٢. وەزیری پلاندانان.
٣. سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٤. سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.
٥. سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.
٦. سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی.
٧. سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری.

**دووەم:** پێویستە لیژنەی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە ئەنجامی کارەکانی لە ماوەیەک کە لە (١٥) پانزە ڕۆژ تێپەڕ نەکات ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکات بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەیەوە بدات.

**سێیەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ماوەی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (دووەم)ی سەرەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**